**بەرێزان:**

## سەرۆك كۆماری عێراق

## سەرۆكی هەرێمی كوردستان

## پارلەمانی كوردستان

## ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤ

بەڕێزان من ناوم (ڕێبین تەها) یە سەرنوسەری بلاْوكراوەیەكی سەربەخۆم بە ناوی داینەمۆ "دەنگی پاشماوەی ئەنفالە" لە ژمارە 11یدا كە چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا بلاْوبوویەوە لە چەند شوێنێكی ڕۆژنامەكەدا ئاماژەمان بەوە كردبوو پێویستە جاشە ئەنفالچیەكان دادگایی بكرێن و هەروەها قسەمان لە سەر ئەوە كردووە كە لە نێو پالێوارەوەكانی یەكێتی بۆ پۆستی كۆمیتە و مەڵبەندەكانی سنوری گەرمیان چەندین ئەنفالچی و كۆنەبەعسی و كەسانی گەندەڵی تێدایە ،هەر دوای بلاْوبوونەوەی ڕۆژنامەكە ئاواتی شێخ جەناب بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیانی یەكێتی ئەندامێكی دەستەی نوسەرانی بلاْوكراوەكەمانی بانگ كرد بووە لای خۆی ئەویش بە تەلەفۆن پێمی وت كە ئاوات حەز دەكات بتبینێت ، منیش وەك ڕۆژنامەنوسێك ڕۆژی 9/8 سەردانم كرد كە بزانم چی كارێكی بەمنە ، هەر لە گەڵ گەیشتنم بە ژوورەكەی لە مەڵبەندی گەرمیان بەعس ئاسا و دڕندە ئاسا بە جنێوو چەپۆك پێشوازی لێ كردم و پێی گوتم كە تۆ لێرە حجزیت و بۆت نیە بڕۆی ، هەر چەندە من چەند جارێك پێم گووت كە حاكم و دادگا و پۆلیس لەم شارەدا هەیە و بۆ خۆتان بانگەشەی سەربەخۆیی دەسەلاْتی دادوەری دەكەن ، ناكرێ بە بێ بڕیاری دادگا تۆ من لە مەڵبەنددا حجز بكەیت ، بەلاْم ئەو سوربوو لە سەر قسەی خۆی دوای چەند سەعاتێك دەسبەسەری بە هەوڵی دوو كەسی ستافەكەمان ئازادی كردم بەو مەرجەی كە تا پێنج ڕۆژی تر من بەلگەكانمی بۆ ببەم ئەگەرنا ئەوا جارێكی تر بە ئەمری خۆی دەسگیرم دەكات .

## سەرۆك كۆمار و سەرۆكی هەرێم ، مرۆڤ دۆستان

ئەم كارەی ئاواتی شێخ جەناب كارێكی بەعس ئاسایە و ڕەفتارەكەی لە ڕەفتاری دڕندەكانی نێو جەنگەڵ ئەچێت ، هەربۆیەش من بە پێویستی ئەزانم لە ڕێگەی ئەم بەیاننامەوە هەموو لایەك لەوە ئاگادار بكەمەوە كە ئەو بێ حورمەتیانەی ئاواتی شێخ جەناب بە منی

کردووه قەبوڵ ناکرێ و ڕێگەی دادگا دەگرمە بەر بۆ وەڵاّم بەو کارە بەعس ئاسایەی ئاوات ، هەروەها داواکارم لە ئێوەی بەڕێزیش کە هاوکار و پشتیوانم بن بۆ ئەوەی ئاوات ڕابکێشرێتە بەردەم دادگا ، هەر چەندە خۆی چەند جارێك ئەوەی دووپات کردەوە کە ئەو حەساب بۆ دادگا ناکات، وەکو مەڵبەند تۆڵە لە من دەکاتەوە.

## ڕۆشنبیران ، ڕۆژنامەنوسان ، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ

15 ساڵە لە کوردستان حورمەتی مرۆڤەکان لە کەدار دەکرێ و هەر کەسە و بە ئارەزووی خۆی دەست درێژی دەکاتە سەر موقەدەساتی خەڵك و ڕۆژانە دەبینین لە چەندین شوێن چەند بەرپرسێك بە وێنەی قوسەی و عودەی دەستدێژی دەکەنە سەر خەڵك و ، ئاواتیش بەم کارەی ویستی ئەوەندەی تر دڕندەی خۆی دەربخات ، هەر بۆیە پێویستە چیتر ئەو بێ حورمەتیانەی بە خەڵکی بەگشتی و بە ڕۆژنامەنوسان بە تایبەتی دەکرێ قبوڵ نەکرێ هەموو لایەك پێکەوە کار بکەین بۆ ئەوەی حکومەت و دەسەڵات ببێتە دەسەڵاتێکی مەدەنی و چیتر سوکایەتی بە پیرۆزیەکانی خەڵك نەکرێ .

**ڕێبین تەها**

**سەرنوسەری مانگانمەی داینەمۆ "دەنگی پاشماوەی ئەنفالە"**